وەزیری ڕاگەیاندن و ڕەوەندی ئیسرائیل: شەڕ لە نێوان وڵاتەکەی و سوریا حەتمییە

عەمیحای شیکلی، وەزیری ڕاگەیاندن و ڕەوەندی ئیسرائیل ڕایگەیاند، شەڕ لە نێوان وڵاتەکەی و سوریا حەتمییە و هودەدات، ئەوەش لەکاردانەوەی دروستبونی گرژییەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوی سنوری نێوان هەردو وڵات.

عەمیحای شیکلی، وەزیری ڕاگەیاندن و ڕەوەندی ئیسرائیل ئەمڕۆ چوارشەممە لە پەیامێکی کورتدا لە پەڕەی تایبەتی خۆی لەسەر پلاتفۆرمی "X" بڵاویکردەوە، "جەنگ لەگەڵ سوریا حەتمییە". لەدوانەکانی شیکلی لە سایەی زیادبونی گرژییەکان لەسەر سنور هات، دوای هوداوی تەقەکردن و بەمبی دوکەڵ لەلایەن سوپای ئیسرائیلەوە بەشوێنێکی ڕاستەوخۆ بە سەر هاوڵاتیانی مەدەنی سوری لە قونەیترە.

بەپێی کەناڵی 12ی ئیسرائیلی، تویتەکە وەک لەدوانەک بوە لەسەر گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە سەربازانی سوپای سوریا دەردەکەون لە کاتی ئاهەنگێکانی ساڵیادی هوخانی ئەسەددا و دەڵێن، "غەززە، غەززە، بانگەوازی یەکتییەکەمان، سەرکەوتن و هەزمان، بە شەو و ڕۆژ".

بەگوێرەی ڕۆژنامەی "یەدیعوت ئەحرەنەت"، هوداوەکەی قونەیترە هاوکات بوە لەگەڵ گەشتێکی مەیدانی مایک والز، باڵیۆزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتوەکان و دانی دانۆن، باڵیۆزی ئیسرائیل لە نەتەوە

یەکگرتوەکان بە ناوچەکە.

بەپێی ڕاژنامە عیبرییەکە، بەلایەنی کەمەوە دو هاوپاتی مەدەنی سوری بریندار بون بەهۆی ئەوەی سوپای ئیسرائیل بە "تەقەی ئاگادارکردنەوە" وەسفی کردوە.